## بنوون بە خەم و خەیاڵ ... مەلا جەعفەر گوانی

J_gwani2005@yahoo. com

ڕێپێوانە جەماوەریەکی جەماوەری شاری هەولێر شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو کە لەو کاتەی قەڵەم بدەستانی کورد زمان و دەستیان لە دژایەتی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی کردۆتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ویستی ئەوان خەڵکی شاری هەولێر بە شێوازێکی شارستانی و هێمانە بە حەشاماتێکی یەکجار گەورە چوونە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەمەش ئەوانەی کە وایان دەزانی تازە میللەتی کورد واز لە ئسیسلام و عەقیدە و باوەڕی ئیسلام پەروەرانەی خۆی دەهێنێت و تازە وازی لە هەموو شتێك هێناوە، بەڵام ئەوەی لەم ڕێپێوانەدا دەرکەوت ڕێك پێچەوانە بوو، لەم پێناوەدا دەمەوێت بە چەند خاڵێك سەرنجی خۆم دەرببڕم:

یەکەم: خەڵکی کوردستان بە جیاوازی بیر و بۆچوونەوە هیچشتا هەستی دینداری و خوا پەرستیان هەر لە نێو زیندووە و، میللەتێك ساڵەهای ساڵە ئیسلامی ناسیبێت و بە تەواوی رەوشت و ئەخلاقیەوە وەری گرتبێت، مەحاڵە بە کار و کردەوەی چەند تیرۆریستێکی دوور لە ئیسلام مەحاڵە بشێوێندرێت، چونکە ئەو ئیسلامە راستەقینەی کورد ناسیویەتی، ئەو ئیسلامە نییە کە خەڵکانێك دەیانەوێت سیماییێکی دیکەی بۆ دروست بکەن.

بۆیە ئەوانەی دژی ئەو ڕێسا و دروشمە پیرۆزانەنە، دەبێ بزانن ئەوان نوێنەری خەڵك نینە و، خەڵکیش ئەوانی ناوێت، چونکە ئەگەر تا چەند ساڵێکی دیکە ئەم هەموو شتانە بکەن، ناتوانن جەماوەرێکی زۆر لەوە کەمتر کۆبکەنەوە، لە کاتێکدا ماوەی ریکلام بۆ کردنیشی زۆر کەم بوو.

دووەم: ئەوانەی دەیانەوێت بیکەنە موڵکی حزبێك و لایەنێك، لە دوو جۆر دەرناچن، یان ئەوەتە ئیسلامیەکانن، ئەگەر ئەوان بن هەڵەیان کردووە، چونکە بەم کارەیان لە گەورەیی ئەم ڕێپێوانە کەم دەکەنەوە، چونکە پێغەمبەر پێغەمبەری هەمووماندە، نەك تەنها پێغەمبەری ئیسلامیەکان بێت، ئەگەر ئەوانیش کەسێکیان وابڵێت: ئەوە لە نەزانی خۆیەتی دڵنیام رای هەموویان نییە، یان ئەوەتە کەسێکی ناحەزی ئیسلامە، ئەویش دەبێت: بۆخۆی دڵنیا بێت بەم کارەی جگە لە خزمەتی ئیسلامیەکان شتێکی دیکەی نەکردووە، چونکە بەم کارەی ئەو خەڵکەی هەموو بە موڵکی ئیسلامیەکان دادەنێت.

سێیەم: ئەو رۆشنبیرانەش کە سووکایەتی بە پێغەمبەر دەکەن، دەبێت دڵنیا بن، جگە لە خۆکەمکردنەوە شتێکی دیکە ناکەن، کەسێك هەستی ملیۆنەها کەسی کورد و غەیرە کوردی موسڵمان بریندار بکات، چۆن خۆی بە رۆشنبیر دەزانێت، چونکە یەم کارەی نەك هەر خزمەتی کورد و کوردستان ناکات، بەڵکو هەستی کوردانەی ئەو میللەتەش لاواز دەکات، بەتایبەتی کە حکومەت بەم شێوە بەرەڵایە بۆیان چاپ دەکات و، خەڵکیش چەواشە دەکەن، تا ئەوەی هەندێك لەو کتێبانە بە ئاشکرا ناوی (رێکخراوە دیموکراتیەکان) ی لە پشت نووسراوە، کە سەر بە (حکومەتێکی ئەم کوردستانە و حزبێکی دەسەڵاتداری ئەم کوردستانەیە، یان ئەو دەزگایانەی حزب لە پشتیانەوەیە دەبێت بە خۆیان دابچنەوە، چونکە بریندارکردنی هەستی ئەو خەڵکە دەبێتەمایەی دوورکەوتنەوەی ئەو خەڵکە لە حکومەت و خۆشەویستی کوردستان.

چوارم: پەرلەمانی کوردستانیش بە دەنگی ئەو میللەتە دامەزراوە و شەرعیترین دەزگای کوردستانییە، بەتایبەتی کە ئێستاکە پەرلەمانێکی یەکگرتووی هەموو حزبەکانە، جا

ئەگەر گوزارشت لە رای ئەو جەماوەرە دەکات و، بەپیر خواستەکانی ئەو گەلەوە دەچێت دەبێت داخوازی ئەو حەشاماتەی زیاتر لە 70 هەزار کەس داوا دەکات پەڕلەمان بڕیارێك دەربکات رێ لە دەرکردنی هەر پەڕتووك و نووسراوێك بگرێت کە سووکایەتی بە موقەدەساتی ئیسلامی و هەموو دینەکانی دیکە بگرێت، زۆر جار دیتوومانە بۆ رێپێوانی نزیکەی 20کەسێك پەڕلەمان خواستەکانی جێبەجێ کردوون، ئەی دەبێت بۆ نزیکەی 70 هەزار کەس چ وەڵامێك بداتەوە، هیوادارم پەڕلەمان نوێنەری هەمووومان بێت، چونکە ئەو تەنها داواکاری ئەو خەڵکە نەبوو، بەڵکو داواکاری هەموو خەڵکی کوردستانە، ئەگەر بهاتبا هەمان ئەو پرسە بکرێت شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش رێپێوانی گەورەتر ئەنجام دەدەن.

---